# یەکێتیی ئەوروپا پەیامێکی لەبارەی رێککەوتنی هەولێر و بەغداوە بڵاوکردەوە

یەکێتیی ئەوروپا خۆشحاڵی خۆی لەبارەی رێککەوتنی نێوان هەولێر و بەغدا لەسەر پرسی مووچە دەربڕی و رایگەیاند، "رێککەوتنەکە دەبێتە هۆی سەقامگیریی".

تۆماس سایلەر، باڵیۆزی یەکێتی ئەوروپا لە عێراق رایگەیاند، بەو رێککەوتنەی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی عێراق، لەسەر تەرخانکردنی مووچەی فەرمانبەران و مووچەخۆرانی هەرێم دڵخۆشن.

ئاماژەی بەوەش دا، "ئەم جۆرە رێککەوتنانە سەقامگیری هەرێمی کوردستان و عێراق بە گشتی زیاد دەکەن. یەکێتیی ئەوروپا بەردەوام هانی هەموو لایەنەکان دەدات بۆ دۆزینەوەی چارەسەری هاوبەش".

ئاشکراشی کرد، لە چەند هەفتەی داهاتوو سەردانی هەرێمی کوردستان دەکات و ئامادەیی خۆی بۆ گوێگرتن لە هەموو لایەنەکان دووپاتکردەوە.